مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی ڕۆژی ئاڵای کوردستان دەکەن



مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە پەیامەکی پیرۆزبایی بڵاویکردەتەوە، "کوردستانیانی ئازیز، ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە هەمووتان پیرۆز بێت، ئاڵاکەمان ڕەمزی بەرخودان و ئاشتیخوازی و بڕوابەخۆبوونی گەلەکەمانە".

هەروەها نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەژماری فەرمی خۆی لەم ڕۆژەدا و لە پەیامەکی وتی: "بەرز و پیرۆز بێت ڕۆژی ئاڵای کوردستان".